# لاوان لەبەرامبەر چەمکی نیشتیمان و کۆمەڵگەی مەدەنیدا

م/ نەوزاد حوسێن محەمەد

کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوەبکات ئەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەی کە دنیای گرتۆتەوەو سەردانی زۆربەی خێزان و ماڵەکانی جیهانی کردووە، هۆکارێکی گرنگ بێت بۆ بەهێزکردن و فراوان کردنی هزر. بۆ بەهێزکردن و ئاسانکردنی پەیوەندیەکان، بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و بەختەوەرکردن، لەم هەموو گۆڕانکاری و سودانەشدا بەپلەی یەکەم (لاوان) وەکو توێژێکی چالاک و کارامەو هیوابەخش بە ژیان، وەکو بنیات نەرێکی دوارۆژی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هاتوونەتە کۆڕی خەباتی پێشکەوتن و رۆژانە مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو ئامێرە پێشکەوتووانەدا دەکەن کە زانستی نوێ دایهێناون.. جیهانی ئێستاش وەکو دەڵێن بووەتە گوندێکی بچووك لەسایەی (عەولەمەدا) کە کۆمەڵێ پەیوەندی نوێی لەگەڵ خۆیدا بۆ مرۆڤەکان هێناوە ئەوانیش کۆمەڵێ هۆکارو ئامانج لەخۆ دەگرن.. هۆکارە ئابوورییەکان و بەدواداچوونی کەرەسەی خام و ساغ کرنەوەی کاڵاو بەرهەمەکان بەپلەی یەکەم دێت لەدروستکردنی ئەو پەیوەندیانە کە دواتر بەهۆی گۆڕینی فیکرو بنەماکانی پەروەردەو ئاسان کردنی پەیوەندییە سێکسی و کەمالییەکانی ژیانەوە خۆش دەکرێت و رەواجیان پێ دەدرێ و بەپەردەیەکی دیکەی سیاسی بەناوی دیموکراتی و ئازادییە مرۆییەکانەوە دادەپۆشرێن، ئەولاوەی کە خێزان و کۆمەڵگەو نیشتیمانەکەی پشتی پێ قایم بوو لەخشتە دەبرێ و دەکەوێتە ناو تۆڕی ئەو سیاسەتەوەو ئیدی چەمکی نیشتیمان و نەتەوەی لا دەبێت بەسیمایەکی داوکەوتوو.... لەلایەکی دیکەوە هەر ئەو پێشکەوتنە جیهانگیریە دەبێتە مەقاشێکی بەهێز بەدەستی هەندێ خەڵکی دیکەوە کە دیسانەوە بەرامبەر شتە جوانەکانی ژیان و بەها بەنرخە مرۆڤایەتیەکات هەنگاو دەنێن و دەیان خەڵکی تیرۆریست و دیکتاتۆری پێ دروست دەکەن و جیهان دەخەنە بەردەم دڵەڕاوکێ و ترس و نا ئارامییەوە، لێرەشدا هەمدیسان کاراکتەری جێبەجێ کردنەکان بەزۆری لاوانن، ئەمانیش بۆ داپۆشینی کارەکانیان هەمیشە پەنادەبەنە بەر چەمکەکانی ئایین و بەها پیرۆزەکانی ناو ئەو ئایینەو قوڕ دەکەن بەسەر نەتەوەو نیشتیماندا.... ئەم پێشکەوتن و جیهانگیریە نوێیەیە کە مێژوویەکی ئەوەندە درێژیشی نیە ئەگەر لەوڵاتانی رۆژئاواو هەندێ وڵاتی دیکەدا بەگەرمی پێشوازی لێ کرابێ بەدڵنیاییەوە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و بەتایبەتیش لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشێوییەکی گەورەی خولقاندووە، چونکە ئەم وڵاتانە هێشتا قۆناغی رزگاری نیشتیمانی نەتەوەییان بەباشی نەبڕیوە، تەکنەلۆژیاو بنەماکانی ئابووری تیایاندا گەشەی نەکردووە، فیکری ئایینیش دەسەڵاتێکی بەهێزی هەیە لەداڕشتنی پەیوەندییەکانیان، هەربۆیە هەندێ جار لاوان لۆمە ناکرێن لەوەی کە بەرەو تاراوگە دەڕۆن و وڵات بەجێ دێڵن، یان لاوێکی سەرکێش و یاخیان لێ دەردەچێ و بەرامبەر دەسەڵات و یاساکان ڕادەپەڕن..

لەم میانەیەدا دەبێ هاوکاری و چاودێری و ڕێنماییەکی زۆری ئەو لاوانە بکرێت بەوەی کە ئەگەر دەیانەوێ لەسایەی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و مەدەنی ژیانێکی باش بەسەر بەرن دەبێ بزانن کە ئەو کۆمەڵگەپێشکەوتووە تەواوی شتە جوانەکانی ژیانی تیابەرجەستەیەو گوڵ و ئازادیش کە بەرهەمی ڕەنج و تێکۆشانی نەتەوەیە دەبێ هەر بەجوانی بەخێوبکرێ، وەك چۆن لەپێش ئێمەدا خەباتیان بۆ کرا، هەر کۆمەڵێکیش ئەگەر بنەماکانی جوانی شێواندو پیرۆزییەکانی نیشتیمانی خستە ژێر پێ ناتوانێ جوانکاری بۆ داهاتووش بنەخشێنێ.. ئەگەر سەرجەم ڕەنگەکان شەپۆل و ڕیتم و نەزمی خۆیان بەجوانی وەربگرن و هیچ ڕەنگێ نەکوژێتەوەو ستەمی لێ نەکرێ ئەوە بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگەیەکی جوانی تابلۆ ئاسا دروست دەبێ.. لەبەر ئەوەی



کە لاوان خۆیان جوانن دەبێ بزانن کە ژمارەی جوانی شوێنەکان زۆرن و فیکرو چەکی بەهێزیشیان هەیە تا بتوانن بەرامبەر بەجوانیەکان، ناشیرینی دروست بکەن، دیارە بەرنگاربوونەوەی ئەوانەش تەنها بەهەڵبژاردنی ڕەنگە جوانەکانی ژیان و قسە خۆشەکان و ڕاستییەکان دەبێت.. نیشتیمان بەو مانایەی کە ئاسوودەین، سەرچاوەی بژێوی نەتەوەکەمانە ژوانگەو هێلانەی بەختەوەری، حەوانەوەمانە، جێگەی تەماعی چاوچنۆك و برسی و داگیرکەرانە، کە دەیانەوێ بەناهەق لانەوازو دابڕان و پەرەوازی ئەو خەڵکە بکەن کە مێژوویەکیان لەسەری بنیاتناوە، هەقە وەفاداریمان هەبێ بەرامبەری، چونکە جیهانگیری و کۆمەڵگەی مەدەنیش بڕوایان لەق نیە بەچەمکی نیشتیمان، وڵاتانی ئەوروپا نەك لەسەر بستێکی نیشتیمانەکەیان مساوەمە ناکەن بەڵکو قبوڵیش ناکەن کە بچووکترین قسەی توانج و تەشەر لەوڵات و نەتەوەو تەنانەت تیپی وەرزشەکەشیان بدرێت. خۆ بەپێوەری جیهانگیری و مەدەنیەت بێ ئەوان زۆر لەپێشن لەچاو ئێمەدا. کۆمەڵگەی مەدەنی بەو پێیەی کە کۆمەڵگەیەکی سەندیکاییەو، وێستگەیەکە لەنێوان دەسەڵاتی ئیداری و حزبیدا وە بڕوای تەواوی ئازادییەکانی ڕادەربڕین و چاپەمەنی و ناڕەزایی هەیە، وە بڕوای بەبازاڕی ئازادو کاری سەربەخۆ هەیە، ئەوە ئەوە دەگەیەنێ کە پیادەی بنەماکانی دیموکراتی دەکات. لەبەر ئەوە دەبێ زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لەو چەمکە ئازادییانە دابکرێت و لاوان ئاگاداربن لەوەی کە بەناوی ئازادییەوە هەڵنەدێرێن و شمشێری نیشتیمان سەربڕ نەدەن بەدەستیانەوە.

ئەرکی سەرشانی لاوانە کە بێنە مەیدان و بەرنامەی بنیاتنان و خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن و فشار بخەنە سەر دەسەڵات و درن بەکۆنەپارێزی و مشەخۆری و گەندەڵی بدەن، هەقی خۆیانە لەپێناو جوانکردنی نیشتیمان و بەرزو پیرۆز ڕاگرتنیدا پەنجە بەچاواندا بکەن، هەروەك چۆن هەقی خۆیانە نێرو مێ بەیەکسانی بژێن ئاواش (سەرکەو بنکە) جیاوازیان نەمێنێ، بەڵام لەوەشدا هیچ کەسێك هەقی ئەوەی نییە کە سەروەرییەکانی نیشتیمان و ڕەمزی خەباتی نەتەوەیەك پێشێل بکاو تەقە لەرابردوو بکات، چونکە هیچ نەبێ چەمکێکی ئەم ئازادی و دیموکراتییە رابردوو دروستی کردووە (ئەگەر هەمووی نەبێ). لاوێك هەقی خۆیەتی دەسەڵات رەفز بکات، یان چەند کەسێکی کاربەدەستی ناو دەسەڵات رەفزبکات و بڵێ ئێوەش خەبات و خوێنی شەهیدان مەکەن بەپەردەی داپۆشینی کارەکانتان، بەڵام هەرگیز هەق نییە مێژووی نیشتیمان و نەتەوەیەك لەسایەی مەدەنیەتدا بشێوێنێ. لەراستیدا هەبوونی جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئاستەکانی ژیان چ لەناو خودی لاوان خۆیان وەکو دەوڵەمەندی و هەژاری و رووگرتن و فەزڵ کردنی هەندێکیان بەسەر هەندێکی دیکەیانەوە لەلایەن بەرپرس و دەسەڵاتدارەکانەوە بەشێوەیەك ئاستی ژیانیان هاوشێوەی رۆژئاواییەکان بووەتەوە، چ لەناوخۆی وڵات و ناخۆشی و نایەکسانیەکانی ئەم وڵاتە وای کردووە کە لاوان هەمیشە لەدڵەڕاوکەو بیر ئاڵۆزی و سایکۆلۆژییەکی نائارام بن، ئەوەش بەدەوری خۆی کاریگەری تەواو دەخاتە سەر کۆمەڵگە، بەخشکەیی زۆرینەی وڵات تووشی هەمان دەرد دەکات، دواتر لاوێکی خۆپەرست و تاکرەوی لێ دەردەچێ و بڕوای بەگیانی هاوکاری و تەبایی نامێنێ.. هەندێ جار بۆ دابینکردنی پێداویستی و دامرکاندنەوەی حەزو ئارەزووەکانی پەنا بۆ کۆمەڵێ ڕێگەی ناشەرعی دەبات، رەنگە کاری خۆکوژیش ئەنجام بدات. یان دزی بکات چ دزی منداڵان بێ یان پارەو سامان، یاخود کاری سێکسی ناڕەواو مامەڵەکردن بەتلیاك و مادە بێهۆشکەرەکان. دیارە گرنگترین هۆکارو پاڵنەری ئەو دیاردانە لەدوای گەندەڵییەکانی دەسەڵات، تێنەگەیشتنە لەبنەماکانی ئازادی و سەربەستی و حساب نەکردنە بۆ چەمکی نیشتیمان و هاوولاتی بوون لەم کۆمەڵگەیەدا (لەگەڵ ڕێزمدا) سەرئەنجام فێری بێ ئەدەبیان دەکات.

خۆپارێزی لەدیاردەو رەوشتی دوژمنایەتی خودی و گشتی پێویستی بە پەروەردەیەکی گشت گیری نوێ و هاوچەرخ هەیە کە پشت قایم بێت بەنەزم و سیستەمی نوێی جیهان و ژیانی مەدەنیەت دوور لەترس و تیرۆر، پەروەردەیەك کە کاریگەری هەبێ لەسەر خێزان و سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ، دامەزراوەکانی ئەو سیستەمەو پسپۆری تایبەت و لاوان خۆیان ببەن بەڕێوە، دیارە توندڕەوی و هەڵچوونی لاوانیش بەرامبەر هێزی کۆنەپارێزو دەسەڵات بەدەستەکان بۆخۆی شەرعیەت و سەرچاوە لەوێوە دەگرێ کە ئەوان پانتایی حوکم و دەسەڵاتیان بۆخۆیان قۆرخ کردووەو تائێستاش بڕوایان وایە عەقڵ تەنها لەلای گەورەو بەتەمەنەکانە، بۆ پاساوکردن و ڕەوایی دان بەم کارەشیان هەمیشە نموونەی رۆژگارە سەختەکان دێننەوە کە لەوان وایە تەنها ئەم کۆمەڵە کەمەی دەسەڵات لەو رۆژانەدا خەباتیان کردبێ.. دەبێ هەموومان ئەوە بزانین کە ئێستا نەوەیەکی نوێی جیهانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت هاتوون و دەیانەوێ دوای سوپاس کردنی رابردوو کاروانەکە بەم ڕێ ڕەوەدا ببەن و ئێمەش دەبێ گوێ ڕایەڵ و هاوکارییان بین و جێیان بۆ چۆڵ بکەین. وەکو ڕەسول هەمزە توۆ دەڵێ: (مەرج نییە ئەو ڕێگەیەی باوکم پێیدا ڕۆیی منیش پێدابڕۆم).

# پلەی گەرما لەبەرزبوونەوەدایە

پرۆفیسۆر دایڤید کینگ گەورە زاناکانی بواری کەشناسی بەریتانی دەڵێت: پلەی گەرمای زەوی زیاتر بۆ 3 پلەی سەدی بەرزدەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بێ بارانی و برسێتی و بەهۆیەوە گیانی ملیۆنەها کەس دەکەوێتە مەترسییەوە. یەکێتی ئەوروپا ڕێژەی دەرچوونی گازە هۆکارەکانی قەتیسمەبوونی گەرمای دیاریکردووە، لەکاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نایەوێت هاوشان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا ئەو ڕێژەیە دیاربکات. ئاکامی دەرچوونی ئەو گازانەش دەبێتە هۆی بارینی بارانێکی زۆر لەوڵاتانی چین و هیندستان.

راپۆرتەکەی کینگ پابەندبوو بەداتا کۆمپیتەرییەکان و تێدا هاتووە، کە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما بۆ سێ پلەی سەدی لەسەر ئاستی جیهان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی 20 بۆ 400 تەن لەبەرووبومی دانەوێڵە.

هاوکات دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی برسێتی لەنێو 400 ملیۆن کەس و کەمبوونەوەی ئاوی خواردن بۆ 1.2 و 3 ملیار کەس.

بەپێی ناوەڕۆکی هەمان راپۆرت، کەم ژینگە هەیە بتوانێت خۆی لەگەڵ ئەم بەرزبوونەوەی پلەی گەرمادا بگونجێنێت. هەروەك کینگ لەراپۆرتەکەیدا دەڵێت، پێنج زەلکاوی بەرەو نەمان دەچن.

**ڕێکەوتن:**

سەرۆك شالیاری بەریتانی تۆنی بلیر لەلێدوانێکیدا وتی: "دەمانەوێت جیهان لەسەر ئاستێکی دیاریکراوی دەرچوونی گازە هۆکارەکانی قەتیسمەبوونی گەرما ڕێك بکەون"، بەڵام پرۆفیسۆر کینگ ڕەشبینە بەرێکەوتن لەسەر ئاستی ڕێژەی دەرچوونی گازە هۆکارەکان، چونکە جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان وڵاتەکاندا.

لەکاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نایەوێت پابەند بێت بەرێژەیەکی دیاریکراو، وڵاتانی چین و هیند پێویستە بۆ قەڵاچۆکردنی هەژاری هەنگاوی گەشەسەندن بنێن.

بەهاتنی ساڵی 2050 دەسەڵاتدارانی بەریتانیا دەیانەوێت ڕێژەیی دەرچوونی co2 بەرێژەی 60٪ کەمبکەنەوە.

**مەترسی ئابووری:**

تاکو ئێستا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رازی نین بەدیاریکردنی ڕێژەی دەرچوونی co2 هەر لەمبارەیەوە جیمس کۆنۆتن راوێژکاری سەرۆکی ئەمریکی جۆرج بۆش بۆ کاروباری کەش و هەوا دەڵێت: "من باوەڕم بەوە نییە کەسێك هەبێت بتوانێت هیچ پێشبینیەکی ئاستی co2 بکات".

لەدرێژەی پەیڤەکانی خۆیدا راوێژکاری ئەمریکی دەڵێت: "کەمبوونەوەی دەرچوونی گازە هۆکارەکانی قەتیسمەبوونی گەرمایی زیان بەئابووری ئەمریکا دەگەیێنن و ئەمەش هۆکاری دیکەی لێدەکەوێتەوە".

زۆر لەزاناکان پێیانوایە، کە کەش و هەوا زۆر ئاڵۆزەو کاریگەری دیکەی هەیە کاریان تێدەکات، کە ئەمەش لەلای خۆیەوە ناتوانرێت پێشبینی کاریگەری co2 لەسەر پلەی گەرمایی زەوی بکات.

بەپێی میری وڵاتی بەریتانیا پێشبینییەکانی گروپی پرۆفیسۆر کینگ زۆر باشن، چونکە پابەندە بە بەراوردکردنی ئاستی گازەکانی ئێستا لەگەڵ ملیۆن ساڵ پێش ئێستادا.

# ژنان بەترسەوە دەست بۆ تاکسی هەڵدەبڕن

شاناز

بەشێوەیەکی گشتی لەناوکۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیدا، بەهۆی داخراوی و سەپاندنی کەلتوری کۆمەڵایەتی لێرەو لەوێ ڕوودەچێ. گەلێك بۆچوون و دیاردەی جۆراوجۆر هەیەو دەبینرێت لەنێو تاکەکان و کۆمەڵگەدا، زاڵبوون بەسەر ئافرەتداو زوڵم و ترس و تۆقاندن لەکۆنەوە تا ئێستا بەردەوام بووە، بۆتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ و شەرم لەناو ئافرەتی رۆژهەڵاتیداو بەتایبەتی ئافرەتی کورد. بەهۆی ئەو داب ونەریت و رەسەنایەتیەی لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیە، ترس و شەرمێکی بەئافرەتی کورد بەخشیوە. جگەلەوەی بەهۆی نارۆشنبیری و نەفس نزمی تاکەکانی کۆمەڵەوە، لە هەموو کات و شوێنێکدا کەسانێکی خراپ و بەدخوو هەن، کە وەك گورگی برسی لەهەر شوێن و لایەکدابێت پەلاماری نێچیری خۆیان دەدەن، ئەمەش وای لەئافرەتی کورد کردووە کە پشت بە هەموو کەس نەبەستێ و سڵ لەسێبەری خۆشی بکاتەوە. بەهۆی قەڵەباڵغی بوونی شارو ناوچەکانی دەوروبەری، زۆربوونی خزمەتگوزاریەکان هاووڵاتیان بەردەوام پێوستیان بەهاتووچۆکردنە بە ئۆتۆمۆبیل، زۆرجار کارێکی بەپەلەو خێرایان هەیە، یاخود بۆ جێگەیەك دەچن کە هێڵی پاسی بەسەرەوە نیە، ئەمەش وا لەخەڵکی دەکات کە تاکسی بەکرێ بگرن، بەڵام تاکسی گرتن بۆ ئافرەت کاتێ بەتەنیابێت، کارێکی ئاسان نیەو ترس و دڵەڕاوکێ بۆ ژنان دروست دەکات، ناتوانێت بە ئاسانی هاتووچۆبکەن. لێرەدا پرسیارێك مێشکی ئێمەش و خەڵکیش دەهەژێنێ، کە پرسیار لەخاوەن تاکسیەکان بکەین.

پرسیار: بۆچی زۆربەی ئافرەتان ناتوانن بەتەنیا هاتووچۆ بە تاکسی بکەن، ئاخۆ خراپی خاوەن تاکسی لەچی دابێت؟

ئەوانیش لەوەڵامدا گوتیان:

بەکر عەزیز: خاوەنی تاکسی، زۆر ئافرەت هەن ناتوانن بە تەنیا سواری تاکسی بن، چونکە زۆر تێکەڵ بەخەڵك نەبوون و ترس و شەرمێکی زۆریان هەیەو زوو دەشڵەژێن. دەسەڵاتی پیاو سالاری زاڵە بەسەریاندا، لەترسی کەسوکاریان ناتوانن بەتاکسی هاتووچۆ بکەن. جگەلەوەش کەسانێکی نەفس نزم هەن، کاری ناشیرین ئەنجام دەدەن، خەلکیش بەهەمان چاو سەیری هەموو خاوەن تاکسیەك دەکەن. خراپی خاوەن تاکسی لەوەدایە کە نەفەرێك سەردەکەوێت، یەکسەر دەست بەقسەکردن دەکات لەگەڵیان، نەفەرەکان بێزار دەکات. خۆی لەئیشی شەخسی نەفەرەکان هەڵدەقورتێنێ.

سەهەند شوان: خاونی تاکسی، زیاتر بەهۆی ترسنۆکی ئافرەتەکە خۆیەتی ئەگینا چی جیاوازیەك هەیە لەنێوان ئافرەت و پیاودا. ئافرەتی واهەیە لەپیاوان ئازاترەو پیاو سڵی لێ دەکاتەوە. راستە لەهەموو شوێنێك چاك و خراپ هەیە، بەڵام ئەگەر زانیت خاوەن تاکسیەك خراپە گفتوگۆی لەگەڵ مەکە، زوتر دابەزە. با ئافرەتەکان لەوکەسانە توڕەبن، یەکسەر بڵێن دەقیژێنین، خەڵکت لێ کۆدەکەینەوە، بزانن پیاو دەتوانێ بەرامبەر بەو هێزەی ژن بجوڵێتەوە.

هەروەها دەڵێین مەرج نیە هەموو خاوەن تاکسیەك خراپ بێت کەئافرەت سڵی لێ بکاتەوەو نەوێرێت بەتەنیا هاتووچۆی لەگەڵدا بکات، بەڵکو هەزاران جار چاکەو پیاوەتی خاوەن تاکسیەکان بەچاو دەبینرێن و دەبیسترێن. وەك بەجێ مانی شتومەك و گەڕاندنەوەیان بۆ خاوەنەکانیان بەهەر شێوەیەك بێت. هەروەها نەفەری ئافرەت و منداڵیان لەشوێنی دوورەوە بەسەلامەتی گەیاندۆتە ماڵەوەو دەست کەسوکاریان. جگەلەوەی کە زۆرجار یارمەتی نەفەرەکان دەدەن کاتێ پارەیان کەم پێدەبێت، یاخود پێیان نەماوە. هەروەها زۆربەی خاوەن تاکسیەکان کاتێ ئافرەتێك بەتەنیا سەر دەکەوێ لەگەڵیان، هەروەك کەسێکی نزیکی خۆی سەیری دەکات، وەك ئامانەتێ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، جگەلەوەی کە زۆربەیان رێزی خۆی زیاترە هەتا نەفەرەکانی پێویست ناکات بۆ نەفەر خۆی بشکێنێ، بەڵام زۆرجار خاوەن تاکسی واهەن، کە نەفەرەکانیان بێزار دەکەن. بەپرسیارکردن لێیان ئەگەر ئافرەت بن و بەتەنیابن، پرسیاری ناشیاویان لێ دەکەن. خۆیان لەکاری ئەو نەفەرە هەڵدەقورتێنن. شووت کردووە، ئیشت چییە، لەکوێ دەژیت، ناوت چییە، خەڵکی کوێی، ئابەم پرسیارانە بێزاریان دەکەن. یاخود بە ئاوێنەی ناو تاکسیەکەو جوڵەی ناشیرین بەکاردێنن. ئەمانە ئافرەت بێزار دەکات و سڵ لەخاوەن تاکسیەکە دەکاتەوە. ئەمانە وا لەژنان دەکەن کە بەتەنیا هاتووچۆ لەگەڵ تاکسیدا نەکەن. هەروەها زۆرجار کەسوکاری ئافرەتەکان کاری ناشیرین و نابەجێیان لەخاوەن تاکسیەکان بینیوە، بۆیە حەز ناکەن کچەکانیان، یاخود ژنەکانیان بەتەنیا هاتووچۆ لەگەڵ تەکسیدا بکەن.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش پرسیارمان ئاراستەی چەند ئافرەتێك کرد.

ئایا دەتوانی بەتەنیا هاتووچۆ لەگەڵ تاکسیدا بکەیت، ترست دەبێ کاتێك بەتەنیابیت، هیچ کێشەیەکت بۆ دروست بووە، وە داواکاریت چییە؟.

ئەوانیش لەوەلامدا گوتیان:

هەوار جەمال: ژنی ماڵەوە هەرگیز ناتوانم بە تەنیا هاتووچۆ لەگەڵ تاکسیدا بکەم، زۆر دەترسم کاتێك بەتەنیا سواری تاکسی دەبم لەوە دەسترم کە بمفڕێنێ، کارێکی ناشیرینم لەگەڵدا بکات، یان قسەیەکی ناخۆشم پێ بڵێ، یان پرسیاری نابەجێم لێبکات. بەمنداڵی من و کچە پوورەکەم سایەق تاکسیەك ئێمەی ترساند لەوکاتەوە لەهەموو سایەق تاکسیەك دەترسم. خۆزگە تاکسی ژنان هەبوایە ژنیش سایەقی بوایە.

ڕێزان سەلیم: فەرمانبەر، بەڵێ زۆرجار بەتەنیا بەتاکسی هاتووچۆم کردووە، هەرگیز ناترسم، چونکە خۆم هیچ مەجال نادەم بەخاوەن تاکسی، کە سەر دەکەوم زۆر مەردانە خۆم پێشان دەدەم، تا ئێستاش هیچ کێشەیەکی ئەوتۆم نەبووە، ئەگەر بەشێوەیەکیش بووبێت منیش بەرەقی مامەڵەم لەگەڵدا کردووە، تەریقم کردۆتەوە، بەڵام کەسی نزیکی خۆم زۆرجار تووشی کێشەو ناڕەحەتی بوونە لەگەڵ خاوەن تاکسیەکاندا. داواکاریم ئەوەیە لەخاوەن تاکسیەکان کە ئافرەت بەتەنیا هاتووچۆ دەکەن لەگەڵیان، واهەست بکەن دایك و خوشکی خۆیانە، نەك بەکاریان بهێنن بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانی خۆیان.

لەکۆتاییدا: ئێمەش داواکارین لەخاوەن تاکسیەکان کاتێ ئافرەتێ بە تەنیا هاتووچۆ دەکات لەگەڵیان، با بەپیاوانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. یا بەهۆی چەند کەسێکەوە هەموو خاوەن تاکسیەکان خراپ نەبن. هەروەها ئافرەتانیش وریابن لەوەی کاتێ لەگەڵ تاکسیەکدا هاتووچۆ دەکەن، بەدەمیانەوە پێنەکەنن و گفتوگۆیان لەگەڵدا نەکەن، چونکە زۆر قسەکردن لەگەڵیان دەرگەی هەموو رازونهێنیەکان دەکاتەوە.